کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:08 23-4-2007

# گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوبەری تەندرووستی خانەقین و دکتۆرە رابیعە و یاریدەری پزیشک کەریم لەبارەی نەخۆشخانەی خانەقین ... ئامادەکردنی: سەلام عەبدوڵا




نیگەرانی لە کەموکوڕییەکانی نەخۆشخانەکە زۆرەو خەڵکی ناڕەحەت کردووەو بەم نووسین و نامە و گفتوگۆیانە دەمانەوێت شارەکە لەبارەی تەندرووستییە باشتر خزمەت بکرێت. تا ئێستا زۆربەی هەوڵەکان وەك لەم گفتوگۆیە دەردەکەوێ لەسەر دەستپێشخەری شەخسی ئەنجام دەدرێ، نەك بەشێوەیەکی فەرمی!

پرسیار: هۆی کەموکۆڕییەکانی نەخۆشخانەکە چییەو چۆن هەوڵدەدەن بۆ چارەسەرکردنی؟

بەڕێوبەری نەۆشخانە (د. کاویان حوسین) وتی: تەندرووستی گەرمیان و سلیمانی لەسەر بەرپرسیارییەتی خۆیان بڕێك دەرمانمان دەدەنێ. و ئێستا وەزیری تەندرووستی بەشی دەرمانی گەرمیانیان زیادکردووە تا بەشی ئێمەی تیا بێت. هەروا دانیشتوانی شارەکە لە27هەزار کەسەوە بووە بە نزیکەی 150هەزار کەس. کاك ئیبراهیم باجەڵان بەشێوەیەکی شەخسی زۆر بە باشی هاریکاریمان دەکات. ئیرهابی و دوژمنکاری کارمەندانی تەندرووستی دیالە رێگری دەکەن لە دابینکردنی پێداویستییەکانمان.




پرسیار: هیچ هەوڵ دراوە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی نەخۆشخانەکە؟

د. کەریم وتی: نەخۆشخانەکەمان لە مانگی حەوتی/2006وە تا ئێستا یەکجار بە رێگای هەوڵی شەخسی بەڕێز (ئیبراهیم باجەڵان-سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە) هەندێ دەرمانی بۆ نەخۆشخانەکەمان دابینکرد. هەروا بەڕێز د. جەبار (بەڕێوبەری تەندرووستی دەربەندیخان) لەسەر بەرپرسیاری شەخسی خۆی، هەموو مانگێك لە بەشی دەربەندیخان و سلیمانی و چەمچەماڵ دەبڕێ و بۆ نەخۆشخانەی خانەقین دەنێری و هەروا بۆ ماوەی 3مانگە، هەر مانگێك بڕی یەك ملیون دینار بۆمان دابینکردووە. شایانی باسە بە هەوڵی د. جەبار ئۆتۆمبیلی نەخۆشخانەکە و موەلیدەکانی کارەباکەی چاککردەوە. ماوەی سێ مانگە بەڕێز قائیمقامی قەزای خانەقی بڕی یەك ملیون دینار بۆ نەخۆشخانەکە خەرج دەکات. ئێستا وەزیری هەریمی کوردستان بەشی نەخۆشخانەکە وەك شارەکانی تری کوردستان دابینکردووە. مەڵبەندی 12ی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، مانگانە بڕی 500هەزار دینار بۆ پڕکردنی پێداویستییەکان بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەخۆشخانەکە دەدەن. بۆ ئاگاداری بڕێکی ئەو پارەیە بۆ پڕکردنی کەموکۆڕییەکانی نەخۆشخانەکە خەرجدەکەن و بۆ نموونە بۆ ئۆکسجین کڕین تەرخان کراوە.

پرسیار: دکتۆرە رابیعە چی نوقسانە لە نەخۆشخانەکە؟

وەڵام: (موغەزی)، کەرەستی بێهۆشکردن لە ژووی نەشتەرگەریمان نییە، هەروا دکتۆری بێهۆشکردن تا کاتژمێری 2ی نیوەڕۆ دەوام دەکات، واتە ئەوەی نەخۆش بێت و پێویستی بە بێهۆشکردنی دەبێ، ناتوانین هیچی بۆ بکەین و دەبێ بۆ کەلار یان سلیمانی بینێرین! شایانی باسە لە نەخۆشخانەکەمان پزیشکی چاو و شکانمان نییە. پێش ساڵێك سۆنەریان بۆ نەخۆشخانەکە هێنا، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستاو لەبەر پێکەوتنی کاری پێناکرێت. تا ئێستا 10جار داوامان لە دیالە کردووە چاکی بکەنەوە، بەڵام ئەوان هیچ وەڵامیان نەبووە.

سەلام عەبدوڵا
dwaroj@yahoo. de
07701929872

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.